شان بەشانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام كـە ئـایینی زۆرینـەی زۆری رۆڵـەكانی گـەلی كوردسـتانە ئایینگەلی دیكەش هـەن، سیاسـەتی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتانی عێراقیش جـەخت لەسـەر گیانی هاوگوزەرانیی نێوان ئایین و تایەفەكانی هەرێم دەكاتەوەو بۆ بـەهێزكردنی تێدەكۆشـێ و بە ئامانجی دەگەیەیێنێ و، بۆ ئەوەش كە بوار بۆ وەزارەتی ئەوقاف و دەزگاكانی بڕەخسێنێ و بتوانێ خزمەتی هەموو ئایین و تایەفەكان بكات لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا، لەبەر ئەوە ئـەم یاسایە یاساكاری كرا.

---

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێـراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ٣٠**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٤/٦/٢٠**

پشت بە حوكمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمواركراوی سـاڵی (١٩٩٢) و، لەسـەر داوای ئەنجومـەنی وەزیـران و، ئـەو یاسـاكارییەش كـە ئەنجومـەنی نیشتمانیی كوردستانی عیراق لە دانیشتنی ژمارە (٤٣)ی رۆژی (٢٠٠٤/٦/١٩)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسـەڵاتەش كـە بڕگـە(٣)ی مـاددەی دووەمـی یاسـای ژمـارە (١٠)ی سـاڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسـای ژمـارە( ٣٠ )ی سـاڵی ٢٠٠٤

**ماددەی یەكەم:**

یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٠٤كە تایبەتە بە دابڕینی بەڕێوەبەرایەتیەكانی بەرگریی شارستانی لە وەزارەتی ناوخۆو لكاندنیان بە وەزارەتی شارەوانی و گەشت وكوزارەوە—ئیلغا دەكرێت.

**ماددەی دووەم:**

بەڕێوەبەرایەتییـەكانی بـەرگریی شارسـتانی دووبـارە بـە وەزارەتـی نـاوخۆوە دەبەسـترێنەوەو دەكەونەوە ناو پێكهاتەكانی ئەو وەزارەتەوە.

**ماددەی سێیەم:**

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخاتە بەرکار.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا، دەخرێتە بەرکار.

**د.رۆژ نـــوری شاوەیس**
**سـەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێـراق**

---

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێـراق**
**ژمارەی دەرهێنان:٣١**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٤/٦/٢٠**

پشت بە حوکمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای وەزیری پیشەسازی و وزە و، رزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی ژمارە (٤٣)ی رۆژی (٢٠٠٤/٦/١٩)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسـای ژمـارە( ٣١ )ی سـاڵی/٢٠٠٤**
**یاسـای یەکـەم هەمـوارکـردنی یاسـای ژمارە( ٤ )ی ساڵی( ١٩٩٣ )ی**
**وەزارەتی پیشـەسـازی و وزە لـە هەرێمی کوردستانی عێـراقـدا**

**ماددەی یەکەم:**

هەر دوو بڕگەی (٢) و(٣)ی ماددەی یەکەمی یاساکە هەموار دەکرێ بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com